کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلیکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 3-2-2007 16:07

# وەڵامێکی هونەری بۆ لێدوانە فەلسەفیەکەی کاک (سدیقی چەلۆ.. ببورن سدیقی دەف)!! ... ڕێبین جەمال

هونەرمەند، ئەو بوونەیە.. کە پەیوەستە بە چەندین پێودانگ و ئەتکێتی ئیستاتیکی ئەخلاقی.. ئەتوانم بلێم ئەمە یەکێکە لە پێناسەکانی من بۆ کەسایەتی هونەرمەند.. کە ئەمەش ڕوانینم بێت، کەواتە پەیوەستیشم بەم دیسپلنانەوە.

وەڵامدانەوەی من بۆ کاك (سدیق عوسمان) بەهەمان ئەو ڕێگاو تەوەرانەدا ئاراستەناگری کە ئەو پەیڕەوی لێکردووەو گرتوویەتیە بەر.. چونکە ئاراستەو هەنگاوەکانمان جیاوازەو بەرەو دوو دونیای پڕلەجیاوازی بنەڕەتی و مەبدەئییە.

لای ئەو بەڕێزە لێدوانی هونەری و بابەتی لەسەر بنەمای پەیوەست بوون بە ئەتەکێتەکانەوە هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ لێدوانێکی هەرەمەکی بەربڵاوو بی بنەما و موهاتەرات.

لێرەدا نامەوی بی بەڵگەو بنەما بچمە ناو دەقی بابەتەکە.. سەرەتا لەکەسایەتی کاك سدیق دەستپێدەکەین لەگەڵ شێوازی ڕەفتار و پەیڕەوکردنی نەهجی کارکردن و ژیانی لەگەڵ دەوروبەردا.

1- خوێندنەوەم بۆ لێدوانەکانی کاك سدیق ڕاینەچڵەکاندم، چونکە ئەم برادەرە یەکەم جاری نیە و منیش یەکەم کەس نیم کە بکەومە بەر لافاوی توڕەیی و هەڵچوونی. لەم بارەوە ئەم برادەرە خاوەنی ئەزمونێکی درێژە، بەتایبەت لە دڵشکاندن و ساردکردنەوەی هونەرمەندان و کەسانی دڵسۆز بۆ هونەری کوردی. لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی ڕانیە کاك (سدیق) سەرکەوتووانە توانی کۆمەڵێك بەهرەو توانا‌و هزری جوان لەبار ببات و پسپۆڕە لە تاکڕەوی و بێزارکردنی هونەرمەندان بەجۆرێك ناچاریان بکات دەست لەکار بکێشنەوە. لەم بارەوە خۆشەویستانمان مامۆستایانی هونەرمەند (دلێر حوسێن، هیوا مستەفا، عبدالله سەقزی، ژیان عارف، مامۆستا هەنار، ئارێز عومەر، مامۆستا هەردی، مامۆستا توانا خورشید) لەئەنجامی درێژەپێدانی هێرش و هەڵوێستە سەمەرەکانی کاك سدیق دەستیان لەکار کێشایەوەو بواریان بۆ نەڕەخسا درێژە بە کار و خزمەتەکانیان بدەن لەم شوێنە. ئەم مامۆستا بەڕێزانە پێشەنگی ڕاپەڕاندنی کارو چالاکیەکانی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی ڕانیە بوون و مانەوەیان لە شوێنی خۆیان دوو ئەنجامی زۆر گرنگی لێدەکەوتەوە:

أ- زیاتر پێشکەوتنی پەیمانگا و ڕەوشی هونەری کوردی لە دەڤەرەکە.

ب- نیگەرانی و ناڕەزایی کاك سدیق.

2- کاك سدیق لە نووسینی وتەکەیدا پێویستە باشتر تەئکید بکاتەوە لەسەر زمانەوانی کوردی و شێوازی نووسین و دەربڕین.. بەم جۆرە.. گروپی مۆزیکی (نالی) .. نەك (ناڵی)!!

3- کاك سدیق دەڵی: (من تەنها وەك لایەنی هاوڕێیەتی (ڕێبین جەمال) م نووسی کە ئامێرەکەی ئەو میللی و ڕۆژهەلاتی نییە!!!) . ئەم برادەرە بە جۆرێك باس لە ئامێرەکەی من دەکات کە میللی و ڕۆژهەلاتی نیە، وەك ئەوەی کە خۆی ئامێرەکەی میللی و ڕۆژهەلاتی بێت!!!

من وەك ڕێبین جەمال کلارنێت دەژەنم، بەڵام توانیومە ئامێرێکی ڕۆژئاوایی بەکاربهێنم بۆ کار و ژەنینی ڕۆژهەلاتی و ئەم وتەیەشم پێویستی بە بەڵگەهێنانەوە نییە. هەر بە کلارنێتەوە ڕۆیشتم بەرەو ئەمریکا، بەڵام (sdeqcello@yahoo. com) کە لێرەوە دیارە ئەم کاك سدیقە ئامێری چەلۆ دەژەنی کە ئامێرێکی ڕۆژئاواییە.. ئەبی چۆن توانیبێتی کۆرسێك بکات بۆ فێربوونی ژەنینی دەف، تابچێتە خانەی ژەنیاری ئامێری میللی ڕۆژهەلاتی؟! ئەی بۆچی ئەویش بە خۆی و چەلۆکەی نەهات بەهەستێکی ڕۆژهەلاتی ئەم ئامێرە بەکاربهێنی بۆ نیشاندانی ڕووی هونەری کوردی؟! من بە کلارنێتەوە کەوتمە سەفەر. کاك سدیقی چەلۆش بە دەفەوە گەیشتە ئەمریکا!!!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

4- كاك سدیقی دەف باسی ئەوە دەكات كە من ناوی ئەو برادەرانەم نەهێناوە كە بەیەكەوە سەفەرمانكرد، ئەی ئەگەر وایە بۆچی جەنابی ناوی برادەرانی نەهێناوە.. تەنانەت لەم لێدوانەشیدا.. كە ئەم هونەرمەندە خۆشەویستانەن:

(1) سیروان جەلال. (2) خەلیل عبدللە. (3) نیازی سەنتور. (4) سدیقی دەف.

5- كاك سدیق دیارە پێی وایە خەلات، تەنیا ماددی و ئابورییە! ئێمە لەگەڵ چەند گروپێكی تر بەشداری ئەم فیستیڤالەمانكرد، تەنیا هەر گروپەكەی ئێمە بڕوانامەی ڕێزلێنانی نەتەوە یەكگرتووەكانی وەرگرت كە یادی (60) ساڵەی دامەزراندنی دەكردەوە.. دیارە كاك سدیق ئەمە بە خەلات نازانی، یان ئەو ڕۆژە جەنابی بە (مهمە خایە) دەرچووبوو!

6- من لەهیچ لێدوانێكم پەشیمان نیم چونكە هەرگیز هەنگاوێك نانێم كە پەشیمانی لەدوا بێت.. نازانم كاك (سدیقی دەف) چۆن گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی كە من پەشیمان بووم لە وتەكانم لە ڕۆژنامەی جەماوەر.

7- كاك سدیق دەڵێ: (هیچ چاوەڕێی ئەوە نەبووم سوپاسم بكات) كاك سدیق لەوەیاندا ڕاست دەكات، ئەو سوپاسی گەرەك نەبوو.. ئەو لە ئەمریكا داوای لێكردم كە لە ئایندە بۆهەر سەفەرێك كە بۆم برەخسی ناوی ئەو تۆمار بكەم و بەم پێیە ببێتە مەبدەئی (سەفەر بەرانبەر بە سەفەر)! وادیارە كاك سدیق مەبەستی سەفەركەی (نالی) بوو بۆ نەمسا.. ئەگینا ماوەیەكی زۆر بەسەر گەشتەكەی ئەمریكا و لێدوانەكانم بۆ میدیاكان تێپەڕیوە..

8- كاك سدیق دەڵێ: (هونەرمەند دەبی ڕاستگۆبێت!!) حەز دەكەم كاك سدیق بەپێی فەلسەفەو مەنتیقی تایبەتی خۆی باسی ڕاستگۆیی بكات و ئەم بابەتە بخاتە بواری توێژینەوەی فەلسەفی. چونكە لەوە دەچی پێوانەكانی ئەم برادەرە بۆ هونەر و ڕاستگۆیی و ئەتەكێت لە دونیایەكی ترەوە ئیستعارە كرابێت و خوازرابێت! كاك سدیق دەتوانێت بەپێی ئەم لێدوانە فەلسەفیەی بچێتە خانەیەكی تری داهێنانی تایبەت بە خۆی! بە هیوای ئەوەم خوێنەران بتوانن لەڕووە فەلسەفیەكەی وتەكەی كاك سدیقی دەف ئاگادارم بكەنەوە.

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.